# پارتی جارێکیتر چۆك دادەدات بۆ فتوای مەلای مزگەوتەکان

## کەمال غەریب

ئەمڕۆ سەرۆکی هەریم لە کۆبوونەوەکەی لەگەڵ ستافی زانکۆکان و خوێندکاراکان  لە باتی سزادانی ئەم مەلاومەلازادانە ،پێشنیاری دەمەزراندنی (لیژنەی فتوا دەکات) وەک خۆی سەرۆک نەبێت و توانای بڕیاردانی نە بێت. ئەوان لە باتی سەروەر کردنی یاسا ،یاسا شەلووگۆچتر دەکەن ، (سیستانیەک بۆ کورد وەک مەرجەعییەت دەستنیشان دەکەن ، ئەمە  بۆ خۆی فتوایە)،بۆ ئەوەی مەلاکان ،بە خواست و ئارەزووەکانیان خەڵکی ، ڕۆشەنبیر و ئازاد و خاوەن هەڵوێست ڕەوانەی مەرگ بکەن. ئەمە جارێکیتر لە دەستدانی پلەو پایەی سستێمی دادە و کلۆڵی پەرلەمان وداماوی خەڵکی کورد پیشان ئەدات و گەڕانەوەیە بۆ سەکۆیی جاهیلییەت. ئەمە ڕێچکەی ئەو کاروانی هەرەشانەن کە ڕووبەڕووی خەڵکانی ئازادیخواز دەبێتەوە و پاداشکردنی جەبەرەوودی ئیسلامی سیاسییە ، کە پارتیش وەک پارتی پارتان نەیتوانی خۆی لە بەردابگرێت ، ئەمە ئەو حکوومەتەیە کە خۆی بە دیمۆکراتر و عیلمانیتر دەزانێت لە ئەورووپییەکان( بەڵام شەرع باوک و دایکێتی)..!





دوور نییە کاریگەرییەکانی گۆڕانی سیاسی لە تونس عیلەتی ئەم کەژە تەماوییە بێت لە سەر وەزارەتی ئەوقافی هەولێر، ئەوەی ویکیلیکسیش ماوە (لە سەرەی خۆیدایە). لەپاش ١٢ ساڵ گۆڕینی وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف، لە(مەریوان نەقشبەندی) بە کاک (عوسمان موفتی). ئەمەش ڕاستەوخۆ بوونی ئەو چەترە سیاسییە دەسەلمێنێت کە سەپێندراوە لە لایەن ئیسلامی سیاسییەوە بە سەر دەسەڵاتی هەولێردا. ڕووداوەکانی ئەم دواییەی شەقامی کوردوستان( بەتایبەتی فتوای مەلای مزگەوتەکان و سوکایەتییەکان بە بڵندگۆی  بۆ سەرجەم لایەکانی کۆمەڵگای شارستانی). ئەنجامن کە ئیسلامی سیاسی لە خۆکۆکردنەوەوە بەرەو سکەی هێرشکردن بردن پیادەی بووە، بەم پاشەکشێییەی دەسەلات بەرامبەر ئیسلامی سیاسی ( بە هەموو باڵاکانییەوە) خۆی خستە بەرامبەر تیر و ڕەحمی ئەوانەوە ،وە چاوەڕوان دەکرێت دەسەڵات ببێتە خاوەنی چۆکدادانی تریش

، گرنگ یەکەم هەنگاوی پاشەکشێ کردنە ، هەنگاوی زیاتریش مەزەندەی بۆ دەکرێت. دەسەڵات گەر خوازیار بوایە بۆ ڕاپێچکردنی ئەم دەستانە دەیتوانی بە پێی یاسای تەشهیر و ناوزڕاندن و تێکدانی باری کۆمەڵایەتی و دروستکردنی دڵەڕاوکێ ، دادگایان بکات نەک کۆڵبدات و پاشەکشێی سیاسی بکات ( چاو سوورکردنەوەی ئێران دەوری ڕەچاوکراوی خۆی هەیە). ئەو مشتە دۆلار و پلەو پایە و بودجە چەورەی ئیسلامی سیاسی وەریدەگرێت لە سلێمانی و هەولێر هەر بەس نییە ،. بۆ دەم کووتکردنیان.! ئەوان ئێستا بەرە و دەسەڵات گرتنە دەست دەڕۆن وە ئەتوانن لە شەوڕۆژێکدا هەموو پشێوییەک و گێرەشێوێنییەکی سەرشەقام دروست بکەن ( ڕۆژەکانی دێن ، مەحەکی ئەم قسانەن).

ووتەبێژەکەی وەزارەتی ئەوقاف(کاک مەریوان نەقشبەندی) بۆ تا دوانزە ساڵ هەموو لێدوانێکی لێقبوولکرا ،بەڵام بۆ ئەم لێدوانانەی ئەم دواییەی وەک بەرپێچ دانەوەیەک بۆ فتوای مەلای مزگەوتەکان و ڕەتکردنەوەی بانگهێشتەکەیان بۆ ئێران ،لێی قبووڵ نەکرا و ئەم قەیرانەیان بۆ تەوقی کردن ! لە بەر ئەوەی کاک مەریوان وەک کەسێکی عیلمانی ،دژ بە بیرۆ و بۆچوونە پاشکەوتووەکان هەڵوێستی سیاسی خۆی هەبووە و لەسەر هێڵی کێشراوی دەسەڵات نەڕۆشتووە و رووبەڕووی ململانی بۆتەوە لەگەڵ خوودی پیاوەکانی دەسەڵات ( من لە ووتارەکانیشی لە سایدەکاندا تێبینی ئەو ئۆتۆمییەم کردووە لە هەڵوێستەکانیدا). کەسێکیش گەر ژێرخانی مەلازادەیی نەبێت بێگومان لای ئیسلامی سیاسی و سەرکردەکانی جێی گومان و بەرهەڵستی بوون دەبێتەوە.

دەسەڵاتی پارتی ، وەک برِیاری دادگوستەری بەشێکە لە شەرع ،واتە شەرع سەرچاوەی بوونی دەسەڵاتە (کە لە پارتیدا خۆی دەبینێتەوە ، پارتیش خۆیان بە بنەماڵەیەکی ئاینی دەزانن ، هەر بۆیە فەخریشی پێوە دەکەن)،لەم بەینەدا کە مەلاکان دێنە قسە لەسەر هەر ڕووداوێک ، یان سەنگەر دەگرن ، وەک بەشێک لەو شەرعەی لە یاساکانی دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکەر خۆیان فەرز دەکەن بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبن بە والی سوڵتانی تاران و ئەستەموول ، نەک لە بەر ئەوە میراتگری سەرچاوەی بوونی یاساکانن.

لەم بارووداۆخەدا کە یاسا دەستەمۆی ئەوان بێت و ئەوان خاوەنی وەسێتی بن ، دەسەڵات چۆن دەتوانێت بیانخاتە خانەی دادەوە بۆ دادگاییکردنیان. ئەسلەن ئەوان (ئیسلامییەکان) پێیان وایە ،ئەوە پارتییە ئەبێت دادگایی بکرێت. بۆیە گەورەترین هەڵە کە لە داڕشتن و ساخکردنەوەی دەستووری کوردوستاندا کرا ، پەنا بردن بوو بۆ شەرعی ئیسلام وەک سەرچاوە و ڕەهەندەکانی. دیسان حکوومەتی خستە بەردەم ڕەحمی فتوایی مزگەوتەکان و شەرعەوە ، هەربۆیەش ئەمڕۆ دەسەڵات بە خوودی ئەو شەرعە کە کورد خاوەنی نییە ، دەسەڵاتی پێدادگایی دەکرێت ،واتە دەسەڵات بە دەستی خۆی ئەجەلی بۆ خۆی نووسییەوە. تەنها ڕێگە بۆ ڕزگار بوون لەم قەیرانە ، بەرامبەر تیروکەوانی ئیسلامی، داماڵینی یاساکانە لە شەرع و هەموو سەچاوەکانی تری کە پشت و گوێ پێدەبەستێت بە (کلتووری پاشکەوتوو ،یاساکانی بەعس کەتا ئەمرۆش ڕوشەنبیران و نووسەرانی پێدادگای دەکرێت ، ئەو کلتوورە ڕەشە قێزەونەی ژنانی پێ کۆت و زنجیر دەکرێت ،

بێبەشیان دەکات لە بەرهەمهێنان، پۆستە بەرزەکانی دەسەڵات و ئازادییەکانی تری تاکی کورد لە خۆپیشاندانەوە تا....دوایی) . کاتێک ئەمە پیادەکرا ،دەسەڵات دەتوانێت سەنگی خۆی بسەپێنێت ببێت بە باوکی نەتەوە و خواستەکانی وە تاکەکانی کۆمەڵگا بپارێزێت لە هەموو جەور و زوڵمێک کە ئاین و پیاوەکانی فەرزی دەکەن . ئەمە تەنها زامنە بۆ سەروەری دەسەڵاتی داد ، تا هەموو مرۆڤێک کە خۆی بە خاوەنی ئەو دەسەڵات و نیشتیمانە دەزانێت بزانێت کەس لەو گەورەتر نییە.

ئەبێت لێرە دەست تیۆردانی مەلاکانی ئێرانیش فەرامۆش نەکەین ، چونکە مەلای کورد و مەلای ئێرانی لە یەک کارگەوە بەرهەمهێنراون و ، هێندەی مەلای کوردی لە بەرامبەر پارتی و یەکێتیدا (بەتایبەتی) خۆیان بە سووپەر پاوەر دەزانن بە حوکمی مەرجەعییەتیان کە (ئێران و تووركیا و جیهانی ئیسلامییە) ، لە بەرامبەر ئێراندا باڵا کوورت و ملکەچ و غوولامیانن.

پارتی ئەمڕۆ لە بچووک بوونەوەدایە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پاشەکشێدایە بەرامبەر ڕمی ئیسلامی سیاسی و کایە سیاسییەکاندا. ئەمەش دەبێت بە سەرچاوەی هەرەشە بۆ سەر کۆمەڵگای شارستانی و بیری تازەگەرایەتی و گڵۆبالیزمی (کە ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە هەزارەها ساڵە لێی بێبەش بووە). ئەم ووتارەی خوارەوە کە لە سایدی ئاوێنەدا بڵاوکراوەتەوە نموونەیەکی تری ،ئەم پشت دانەوانەیە بەرامبەر پەنجەی هەرەشەی ئیسلامی سیاسی...؟؟؟

پارتی: داوای لێبوردن دەکەین بۆ لێدانی ئەو گرتە "سێکس"ییە:

عومەر فەتاح، سلێمانی: دوای ئەوەی لە شەوی ١٣-١/١٤ لەکەناڵی ناوخۆیی سلێمانیەوە کە سەربەپارتی دیموکراتی کوردستانە گرتەیەکی "سێکسی" لێدراوە، نیگەرانی لای موسڵمانان دروستکردو کۆمەڵی ئیسلامیش لەبەیاننامەیەکدا داوایانکرد ئەو کەناڵە بدرێتە دادگاو پۆزش بهێننەوە.

بەڵام بە دەیان و سەدان شوێنی لەشفرۆشی هەیە لە ووڵاتە عەرەب و ئیسلامییەکاند(بە ڕۆژی نیوەڕۆ کاری سێکسی تێدا دەکرێت). کەس نییە پێیان بڵێت بەریچاوتان کلی پێوەیە. نەک داوای داخستنیان لێبکرێت . باشە بۆ ئەم باڵە توندڕەوانەی ئیسلامی سیاسی داوایان نەکرد لە ڕژێمی سەفاحی عێراقی داوای لێبووردن لە تاوانە قێزەونەکانی وەک ئەنفال بکات،ئەمەیە بانێکە و دووهەوای ئیسلامی سیاسی سەر بە دوورگەی عەرەبی. ئەمانە کرمی دارن ، تا سەری خاوەنەکانیان نەخۆن ،پشوو نادەن. باشە بۆ ئاینی ئیسلام بۆ پارتی و کەناڵەکەی شەدیدوول ئیقابە ، بەڵام بۆ ئەوانەی جیهانی ئیسلامی غەفوور و ڕەحیمە.

ئێوە یەک کارم پێبڵێن کە ئەم جووڵانەوە سەر بە ئەقڵو کلتووری عەرەبییە،خزمەتی نەتەوەی کوردی پێکردبێت ،هێندە لایلایە و شین بۆ غەزە دەکەن ،ئایا توانیویانە بە یەک دێڕ ووتار لە

کەناڵە ڕاگەیاندنەکانیانەوە ،پرۆتێستۆی ئەو تاوانە بکەن کە داگیرکەرانی توورک ، فارس و عەرەب دژ بە نەتەوەیەکی کۆلۆنیالکراوی وەک کوردی دەکەن. ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەچێتە خانەی نەتەوە فرۆشتن بۆ برا ئاینییەکانیان لە تووركیا ، ئێران و نیشتیمانی عەرەبی.